# كەسێتی لە ڕۆمانی (ئەندێشـــەی مرۆڤێـــك)ی حسێن عـارف دا

م.ی. لە نجە عبدالرحمن غریب
بەشی کوردی / فاکەڵتی پەروەردە/ سکوڵی زمان / زانکۆی ڕا پەڕین

تاريخ استلام البحث :٢٨ / ١٠ / ٢٠١٤          تاريخ نشر البحث :٣١ / ١٢ / ٢٠١٤

## پێشـــــەکـی

ڕۆمان وەکو ژانرێکی باڵای ئەدەبی هاوچەرخ پایەیەکی بڵندی لە ئەدەبی میللەتاندا هەیەو هەر میللەتێك بە پێی توانا گرنگی و بایەخی بەم ژانرە ئەدەبییە داوە، چونکە وەکو چەشنێکی ئەدەبی هەمیشە لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بووەو لای کوردیش هەنگاوی پێویستی بۆ نراوە. ڕۆمان لە چەند ڕەگەزێکی گرنگ پێك دێت، وەك کەسێتی، شوێن، کات، ڕووداو، وەسف...تاد، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی پیێ بدەین کەسێتی نێو ڕۆمانە. وەك ئاشکرایە بەبیێ بوونی کەسێتی ڕووداوەکانی ڕۆمان بەڕێوەناچن، لەبەر ئەوە کەسێتی بابەتی سەرەکی ڕۆمانە، وێڕای ئەوەی بنەمای هەموو ڕۆمانێك لەسەر کەسێتییەکانی نێو ڕۆمانەکە دادەڕێژرێت. بەواتایەکی تر نەبوونی کەسێتی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە توخمەکانی تر نەتوانن ئەرك و ڕۆڵی خۆیان ببینن، بۆیە ڕۆماننووس زۆر گرنگی بەدەرخستنی کەسێتییەکان دەدات، چونکە دەتوانێت لەڕێگەی خستنەڕووی کەسێتییە هەمەجۆرو جیاوازەکانەوە، هەموو ئەو ئامانج و مەبەستانەی هەیەتی لە ڕۆماندا بەرجەستەیان بکات و بەچەندین شێوازی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. چونکە کەسێتی پانتاییەکی فراوان لە ڕۆماندا داگیر دەکات و ڕووداوەکان بەڕێوە دەبات، بنیاتی پێکهاتەی  ڕۆمان لەسەر ئەو ڕەگەزە بنیات دەنرێت. لەو ڕوانگەیەوە ئەم باسەمان بۆ شیکردنەوەی کەسێتییەکانی نێو ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك)ی حسێن عارف تەرخانکردووە بۆ ئەم مەبەستەش باسەکەمان کردووە بە دووبەشەوە، بەشی یەکەم سیێ باسی لەخۆ گرتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە زاراوەی کەسێتی لەڕووی پێناسەی زمانەوانییەوە، لە باسی دووەمدا چەمك و پێناسەی کەسێتییمان لەڕووی سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسییەوە خستۆتەڕوو، لە باسی سێیەمدا گرنگیی کەسێتییمان لە ڕۆماندا خستۆتە ڕوو. بەشی دووەمیش بەهەمان شێوە بەسەر سیێ باسدا دابەشکراوە، باسی یەکەم تایبەتە بە جۆری کەسێتییەکان لە ڕۆماندا بەپێی ئەرك و کاریگەری و سروشتی پێکهاتن و بنیاتی کەسێتییان. لە باسی دووەمدا خوێندنەوەیەکی کورت و پوختمان بۆ ڕۆمانەکە خستۆتە ڕوو، لەباسی سێیەمیشدا ڕۆڵی هەریەك لە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەمان دیاریکردووە.

## بەشی یەکــەم

**باسـی یەکـــەم:**

**زاراوەی کەسـێتی لە ڕووی زمانـــــەوە**

ئاشکرایە کە زاراوەی کەسێتی لە زۆربەی زۆری زاراوەکانی تری ئەدەبی مانا دیارترو ڕوونترە، بۆ زیاتر شارەزابوون و لێکدانەوەی زاراوەی کەسێتی بە باشی دەزانین ئاوڕێك لە فەرهەنگی زمان بدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەدەبناسان چۆن ئەو زاراوەیان لێکداوەتەوەو هاوواتایان بەرانبەر داناوە.

گیوی موکریانی لە فەرهەنگی کوردستاندا بەم شێوەیە زاراوەکەی لێکداوەتەوە، کەسایەتی: خزمایەتی، خوێش. کەس: تاك ، مرۆڤێك( گیو موکریانی،فەرهەنگی کوردستان، ٧٤٥)

بەهەمان شێوە هەژاری موکریانی لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەم شێوەیە زاراوەکەی لێکداوەتەوە، کەس:١- تاکێ لە بنیادەم،٢- خزم

لە فارسیشدا (کس) (شخص)ی پێدەوترێت( هەژاری موکریانی، هەنبانە بۆرینە، ٨٥٧)

لە زمانی کوردیدا وشەی کەسایەتی لە وشەی (کەس)ی ناوی نادیاردا هاتووە کە ئاماژەیە بۆ تاکی مرۆڤ. هەروەها وشەی مرۆڤ (کەس) بە مانای خزمی نزیکیش دێت، کەسایەتیش واتا نواندنی دەوری (کەس) بە هەموو تواناو بۆچوون و ڕەفتارو بیرکردنەوەو کارو کردەوەو خەسڵەتەکانییەوە یان بەرجەستە کردنی شێوەو ناوەڕۆکی پێکەیشتوو تەواوی تاکی مرۆڤ .(عمر یاسین جباری، کەسایەتی واتا تیۆری و پێوەرەکانی، ٤٣)

ئەگەر لە زاراوەی کەسێتی بڕوانین، دەبینین ڕۆژانە لەسەر زاری خەڵکی بەشێوەیەکی سادەو فراوان بەکار دەهێنرێت، هەربۆیە گەلێك واتای لە خۆ گرتووە. لەو ڕووەوە دەبێت سەرەتا لە ڕەچەڵەك و بناغەی وشەکەوە دەست پێبکەین و لێی بکۆڵینەوە، کە لە ((وشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە کە پێی دەوترێت persona کە واتاکەی لە کوردیدا ڕووپۆشکردنە)) (جەلال خەلەف ژاژڵەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، ٨ )

سەرەتای بەکارهێنانی ئەو وشەیەش پەیوەست بووە بە نواندنی شانۆییەوە، کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکیی کۆن((کاتێك کە ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ دەیان نواند بۆ ئەوەی سام و نیشانە زەقەکانی ئەو پاڵەوانانە بەرچاو بخەن کە ئەمان دەیان نواندن و لەسەر شانۆ لاساییان دەکردنەوە ڕووی خۆیان دەپۆشی هەندێ لە زانایان دەڵێن کاتێك ئەو ئەکتەرانە ڕووپۆشیان دەکردئەگەر دەم و چاویان کەنج کونج و شێواو بوایە ئەمیش بۆ ئەوەی کە ناشرینی و ناڕێکی دەم و چاویان لە بینران بشاردایەتەوە)) ( سەرچاوەی پێشو ، ٨)

کەواتە لەسەرەتادا ئەم زاراوەیە بەمەبەستی پیشاندانی دیوی دەرەوەو ڕواڵەتی دەرەوە بەکار هاتووە نەك پیشاندانی ناخ و دەروون و دیوی ناوەوەی کەسەکان.

**باسـی دووەم:**

**چەمـك و پێناسەی کەسێتی لە ڕووی سایکۆلۆژیـاو کۆمەڵناسییـەوە**

**کاتێك کە زاراوەی کەسێتی بەر گوێمان دەکەوێت، یا خود بەسەر زارماندا دێت، دەزانین مەبەستمان لە کەسێتی چییە((ئەوەی ئاشکراشە کە هەریەك لە ئێمە خاوەن کەسایەتییەکی تایبەتی خۆیەتی، کەس نییە بێ کەسایەتی بێت و جیاوازی لە نێوان کەسێك و کەسێکی دیکە لە بەهێزی کەسایەتی دایە یاخود لە بێ هێزی کەسایەتی دایە نەوەك لە بوون و نەبوونیدا)) (عەلی وەردی، کەسێتی تاکی عێراقی، ١٤).**

**بەڵام تا ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو نییە کە پڕ بەپێستی چەمکی کەسێتی بێت، هەریەك لە زانایان جا زانایانی دەروونزانی یان کۆمەڵناسی بێت بە شێوازێکی جیاوازو لە تێڕوانینی تایبەت بە خۆیانەوە دەڕواننە زاراوەکە، تەنانەت بۆچوونی دەروونزانێك لە دەروونزانێکی دیکە جیاوازی هەیە((ئەو دەروونزانانەی لە کەسایەتی دەکۆڵنەوە گرنگی دەدەن بە چالاکییەکانی مرۆڤ کە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا دوو نەناس بەیەك دەگەن یەکسەر هەریەکەیان لە دڵی خۆیدا ئەوی تر هەڵدەسەنگێنێ یان بە مرۆڤێکی جێ باوەڕ–جێگر، یان بە پێچەوانەوە نرخێکی تری ئەدرێتی ئەم هەڵسەنگاندنە ڕوویەکی ژیانی کۆمەڵایەتییمانە، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە پەیوەندی بەو هەڵس و کەوتانەوە هەیە کە لە مرۆڤێکی تری جیا دەکاتەوە)). ( و.ب گۆتەریج، دەروونزانی، ٢٤)**

**هەروەها زانستی دەروونناسی(( وەك تاکێکی خۆکار دەڕوانێتە مرۆڤ، بۆیە لەم ڕووەوە لە کەسایەتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بەوەی کەوا کۆمەڵێکە لەو سیفەتە تایبەتییانەی، کە تاکێك لە یەکێکی دی جیا دەکاتەوە ئەوەشیان چەمکێکی تاڕادەیەك ڕاستە، بەڵام زانایانی کۆمەڵناسی ئەوەشیان خستۆتەسەر کەوا کەسایەتی لە زۆر ڕوویەوە نوێنەری کۆمەڵگایە، بەڵکو ئەمڕۆ لەسەر ئەوە کۆکن کەوا تاك و کۆمەڵ دوو ڕووی یەك ڕاستین)) ( عەلی وەردی، کەسێتی تاکی عێراقی، ١٢)**

**ئەوەی باسکرا کورتەیەك بوو لەبارەی چەمکی کەسێتییەوە، وە پێناسەو دیاریکردنیشی کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی پێویست گرنگترین پێناسەکانی کەسێتی بخەینەڕوو:**

**فرۆید لە بارەی کەسێتییەوە دەڵێت:((کەسێتی ململانێی نێوان دووخودە، خودی باڵاو خودی نزم، هەندێ کەس لە پرۆسەی چاکسازی و گونجاندنی نێوان ئەم دوو هێزە دژیەکە سەرکەوتن وەدەست دێنن، کەواتە کەسانێك هەن لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیاندا یان ئەوەتا شێت دەبن یان دەبنە تاوانبار یان گۆشەگیر))(هەمان سەرچاوە،ل١٦)**

جۆن واتسۆن بەم شێوەیە پێناسەی کەسێتیمان بۆ دەکات و دەڵێت:((سەرجەم ئەو چالاکییانەیە کە دەتوانرێت بزانرێت و پەی پێ ببرێت لە ڕێگەی سەرنجدانی ڕاستەقینەی ڕەوشتەوە بۆ ماوەیەکی گونجاوو باش تا بتوانرێت کۆمەڵێك زانیاری باوەڕپێکراو بدات بەدەستەوە))( کریم شریف قەرەچەتانی، دەروونزانی، ٢٧). واتسۆن کەسێتی بەچالاکی لەقەڵەم دەدات و پابەندی دەکات بەڕەفتارو کارو کردەوەو ڕەوشتی دەرەوەی مرۆڤـــــ.

جۆن لۆك پێناسەی کەسێتی وا لێکداوەتەوە ((کە هەستکردنی تاکە بە بوونی خۆی لە ڕێی درێژە کێشانی کاتەوە، تاك بەهۆی یادکردنەوەی بیرو کارەکانی ڕابردوویەوە پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ پێناسەی کەسایەتی خۆیدا هەیە))( ئیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، ٢٠)

بەم شێوەیە لۆك پێی وایە ئەگەر کەسێتی تاك نەخرێتە ناو چوارچێوەی کاتەوە، ئەوا ئەو کەسێتییە ناناسرێت، واتا لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا تاك هەست بە بوونی خۆی دەکات و بەهۆی یادگارییەکانی ڕابردوویەوە کەسێتی خۆی پێك دەهێنێت.

(شارمان) چەمکی کەسێتی بەم جۆرە ڕووندەکاتەوەو دەڵێت:(( کەسێتی بریتییە لە ڕەوشتە هەڵبژێراوەکانی مرۆڤێك))(جەلال خەڵەف ژاژڵەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، ١٠)

لەم پێناسەیەشدا ئەوە دەردەکەوێت کەگرنگی دراوە بە نیشانەکانی دیوی دەرەوەی مرۆڤ ونیشانە نادیارەکانی دیوی ناوەوەی مرۆڤ فەرامۆش کراوە.

لە کاتێکدا کە چاو بەو پێناسانەدا دەخشێنین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هیچیان مەرجی باشترین پێناسەی کەسێتییان تێدانییە، چونکە باشترین پێناسەی کەسێتی ئەوەیە کە ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت:

١-یەکگرتن: واتا کەسێتی مرۆڤ هەر بریتی نییە لە هەبوونی نیشانە باشەکانی کەسێتی لە مرۆڤێکدا، بەڵکو دەبێت یەکگرتن و ڕێکەوتن و گونجاندنیان لە نێواندا هەبێت.

٢-دینامیکی: واتا پێویستە ئەو نیشانانەی، کە لە مرۆڤێکدا هەن لە کاتی گەشە کردنیاندا تێکەڵاوبن و ڕەونەقداربن.

٣-بەردەوامی: پێویستە ئەو نیشانانە تاڕادەیەکی زۆر بەردەوامی و ڕۆشناییان تێدا هەبێت، وەکو لێهاتن و هەڵکەوتن و لێوەشاندنەوە.

٤-هیوا: هیواو مەبەست و ئامانج و ژیری ئەو مرۆڤە بۆ باشترین کەسێتی کامڵ مەرجە.

٥-خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە: هەروەکو چۆن مرۆڤ کاردەکاتە سەر ژینگە ئاواش ژینگە کاردەکاتە سەر مرۆڤ لەبەر ئەوەیە کە کەسێتی هەر ژینگەیەك قاڵب و چیوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە.

٦-جیاوازی کەسایەتی: هەرکەسەو کەسایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیاوازە لە کەسانی تر بەجۆرێك نابینین دووکەس لەیەك بچن( جەلال خەلەف ژاژلەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، ١٢-١٣)

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە پێویستە لە کەسێتی هەر مرۆڤێکدا، کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندی خودی هەبێت، کە جیای بکاتەوە لە کەسانی دیکەو ببێتە ناسنامەی ئەو کەسێتییە، وە کۆمەڵگەش تاکە پێوەرە، کە بتوانێ بەچاك یان بەخراپ حوکم لەسەر هەرکەسێتییەك بدات، هەرچەندە پێوەرەکانی خوێندنەوەی کەسێتی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازەو بە پێی کلتوری تایبەتی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت.

**باسی سێیەم:**

**کەسێتی لە ڕۆماندا**

ڕۆمان بەبێ بوونی کەسێتی رەگەزو پێکهاتەکەی تەواو نابێت، کەواتە کەسێتی گرنگی و ڕۆڵی سەرەکی هەیە و بەبنچینەی ڕۆمان دادەنرێت و، یەکێکە لە پێکهاتە هونەری و گرنگەکانی ڕۆمان و لە بارەی ئەو گرنگیەشی دەتوانین بڵێین((کەسێتی بناغەی ڕۆمانەو ڕۆمانیش بۆ تەعبیرکردن لە کەسێتی دامەزراوە))( نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، ٣٢٥)

زۆرجار ڕۆماننووس بەهۆی دەرخستنی کەسێتییە جیاوازەکانەوە، دەتوانێت هەموو ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە هەیەتی یاخود هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی لە کۆمەڵگەدا هەیە، بە شێوەیەکی جوان و هونەری بیانخاتە بەرچاو و دەریان بخات، چونکە کەسێتی لە توانایدا هەیە کە هەموو ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکان بەیەکەوە ببەستێتەوەو گرێیان بدات و، بەبێ بوونی کەسێتیش ئەم کارانە ئەنجام نادرێن((کەسێتی ڕۆمان تانوپۆی ڕۆمان پێکەوە گرێ دەدات و دەتوانێت هەموو پێك هاتەکانی دیکەش لەسەر شانی خۆی ڕابگرێت))( سیامەند هادی، کەسێتی (شاڵ سەون) لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا،٦٥)

بەبێ بوونی کەسێتی پێکهاتەکانی دیکەی رۆمان هیچ ڕۆڵ و بایەخێکیان نابێت، کە بریتین لە کات و شوێن و گێرانەوەو وەسف ...تاد. کەواتە دەتوانین بڵێین کەسێتی دەتوانێت دەسەڵاتێکی فراوان بەسەر پانتایی رۆماندا بگرێت، کە لە هەمو پێکهاتەکانی تر گرنگترەو رۆمانیش لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست بووە کە هەریەك لەو کەسێتییانە بەشێوەو ئەرکی جیاواز بخاتەڕوو، بەلاٌم رۆماننوس دەبێت بزانێت ئەو کەسێتییانە چۆن بەرجەستە دەکات لە نێو ڕووداوەکانی رۆمانەکەیدا، واتە دەبێت ئاگاداری چۆنیەتی خستنەڕووی کەسێتییەکان بێت هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە تا کۆتایی دەقی رۆمانەکە، بەم پێیە(( ئەرکی رۆماننووس ئەوەیە کە دەبێت بە ئاشکرا تەماشا بکاو ئەوەش بڵێ کە لە خەڵکیدا ئەیبینێ))(ئەژی گۆران، ڕۆمان وپیشەی نوسینی روٚمان،٣٢)

رۆماننووس دەبێت کەسێتییەکانی بە شێوەیەکی وا دروست بکات، کە سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، هەریەك لەو کەسێتییانەی کە رۆماننووس لە رۆماندا بەرجەستەیان دەکات، هەریەکەیان ئەرك و هەڵس و کەوتی جیاوازە لە ئەوی دیکە و بە جۆرێك، کە هیچ یەکێکیان لەیەکدی ناچن لە بەڕێوەبردنی رووداوەکاندا، چونکە هەریەك لەو کەسێتییانە بۆ جۆرە هەڵس و کەوتێکی تایبەت گونجاوە، کە ڕووداوەکانی ناو رۆمان بەڕیوە ببات، زۆرجار رۆماننوس ئەو جۆرە کەسێتییانە بەخەیاڵ دروست دەکات جاری واش هەیە ئەو کەسێتییانەی دروستی دەکات جۆرە کەسێتییەکن کە لە ژیانی ڕاستەقینەو واقیعەوە وەریان دەگرێت، هەرچەندە ((رۆمان هەوڵی لاسایی کردنەوەی واقیع نادات بەڵکو واقعێکی نوێ لە خۆیدا دروست دەکات و هیچ کات رۆمان نابێتە وێنەیەکی تەواو لێکچووی واقیع. لە ناو رۆماندا هەموو ئەو خەسڵەتانەی تێدایە کە لە ناو ژیاندا دەیبینین. کەسێتییەکان دەژین- دەمرن- خۆشەویستی دەکەن- شەڕ دەکەن..تاد))( محمد نوری احمد، بونیاد(زمانگەری لە خوێندنەوی رۆماندا)، ٢٢٧) هەروەك ئەو کەسانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیانبینین و گفتو گۆو هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکەین ((رۆمان بە بوونی تەنها کەسێك دروست نابێت ئەگەرچی کەسەکە سەرەکیش بێت، بێ پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکی تری دەورووبەریدا دیسان قەت دروست نابێ، کەسانیش مەج نییە تەنیا ئادەمیزادبن، بەڵکو دەشێ ئاژەڵیش بن))( حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، ٢٧٢)

کەواتە ڕووداوەکانی ناو رۆمان هەرگیز بە بوونی تەنها کەسێتییەك ئاراستە ناکرێن و بەرەو پێش نابرێن، چونکە کەسێتییەکانی رۆمانیش وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە چوار چێوەیەکی دیاریکراودا پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبەستن بە کەسانی چوار دەوریانەوەو ڕووداوەکانی ناو رۆمان بەڕێوە دەبەن، وەك کەسێتییە مرۆییەکان ((هەربۆیە کەسێتییە مرۆییەکان یەکەم سەرچاوەو وەرگری دەوڵەمەندو بابەتی سەرەکی کەسێتی ناو رۆمانن، کەسێتی ناو رۆمانیش خۆی ئاسۆیەکی ڕووناك کەرەوەی کەسێتی مرۆییە))

( سەروەر عەبدوڵڵا، سەرەتایەك لەبارەی بنەمای گوتاری كەسێتی ناو رۆمان، ١٤)
لەبەرئەوە كەسێتی ناو رۆمان وەك كەسێتی مرۆیی خاوەنی هەموو ڕەهەندە هزری و دەروونی و ڕەوشتییەكانەو، هەڵبژاردنی كەسێتییەكان و بەرجەستە كردنیان لە رۆماندا بەندە بە توانای داهێنانی رۆماننووسەوە، زۆرجار رۆماننووس لە یەكێك لەم ڕەهەندانەوە بە باڵا دەستی هەوڵی ئەوە دەدات كەسێتییەكانی بخاتە بەر چاو:

١-وەسف بایەخی خۆی هەیە، ڕۆماننووس پێش ئەوەی كەسێتییەكی نوێ بهێنێتە ناو ڕووداوەكانەوە ڕێرەوی گێڕانەوەی ڕادەگرێ و وەسفی ڕووخسارو ڕواڵەتی ئەو كەسێتییە دەكات.

٢- لەڕێگەی كردارەكانییەوە یان هەڵسوكەوتی ناو ڕووداوەكان.

٣- لەڕێگەی بیركردنەوەی پاڵەوان یان قسەی قسەكەرەكە گفتوگۆ لە نێوان كەسێتییەكان دەردەخات.

٤- بەكارهێنانی هێما یا رەمزی وێنەیی بۆ دەرخستنی كەسێتییەكە(جریمی هورپون،مدخل لدراسه الروایه،٧)

هەروەها رۆماننووس لە نووسینی رۆماندا دەبێت ڕەچاوی ئەو قۆناغ و سەردەمە بكات كە تێیدا دەژی، چونكە هەڵس و كەوتی كەسێتییەكان و ڕووداوەكان بە پێی سەردەمەكان گۆڕانی بەسەر دادێت و ڕووداوەكانی نێو هەر رۆمانێك پەیوەستە بە قۆناغێكی مێژوویی دیاریكراوەوە.

## بەشـــی دووەم

**باسـی یەکـــەم:**

**جـۆرەکانـــی کەســـێتی**

**بەشێوەیەکی گشتی کەسێتییەکانی ناو ڕۆمان بەسەر دووجۆردا دابەش دەکرێن:**

**یەکەم: جۆری کەسێتییەکان بەپێی ئـەرك و گرنگـی و کاریگەرییان لە ڕووداوەکانـدا:**

**١-کەسـێتیی سەرەکـی:**

ئەگەر سەیری بابەت و ناوەڕۆکی هەر ڕۆمانێك بکەین کۆمەڵێك کەسێتی تێدا بەدی دەکرێت، کە هەریەکێکیان ئەرکێکیان پێ سپێردراوە لە نێو ڕووداوەکاندا، بەڵام یەکێك لەم کەسێتییانە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی زۆربەی زۆری ڕووداوەکان و پەرەیان پێدەدا، کە ئەویش کەسێتی سەرەکییە، هەر بۆیە ڕۆماننووس ((سەرجەم توخم و پێکهاتەکانی دیکەی ڕۆمانەکەی بەجۆرێك ساز دەکات کە گرنگی ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی بخەنەڕوو، بۆیە تەواوی کارەکتەرەکانی دیکە بەجۆری پەرەسێن و ناپەرەسێن ، ئەرێ و نەرێ ، فلات و بازنەیی بەجۆرێك ڕەفتارو هەڵوێست دەنوێنن کە ببێتە مایەی دەرکەوتنی کەسایەتی و ڕەوشت و هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی))( نەجم خالید ئەلوەنی، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، ٤٣)

لەبەر ئەوە کارەکتەری سەرەکی خاوەن کەسێیەتییەکی دیارو پەرەسێنە و لەگەڵ بوون و دەرکەوتنی هەر کێشەو گرفت و ململانێیەکدا، ئەم کەسێتییە دەبێتە چەقی سەرەکی ڕووداوەکان و زیاتر ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی لەبەرەو پێشبردنی ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە لای خوێنەر باشتر دەناسرێت بەتایبەتیش لەڕێگەی پەیوەندییەکانی ئەم کەسێتییە، لەگەڵ کەسێتییەکانی دیکەی ناو ڕووداوەکان و دەوروبەری زیاتر ئاشنای خەسڵەت و سیفەتەکانی دەبین.((ئاشکرابوون و دەرکەوتنیشی زیاتر لەو کاتەدا دەبێت کە کێشەیەك لە ڕۆمانەکەدا هەیە بۆیە ئەو شاکەسە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەبەرەو پێشبردنی ڕووداوەکان))( سەروەر عەبدوڵڵا، سەرەتایەك لەبارەی بنەمای گوتاری کەسایەتی نێو ڕۆمان، ١٥)

ئەوەش وای کردووە کە((ڕێکخستنی کەسێتییە سەرەکییەکان وەکو ڕەگەزی کاریگەرو کەسێتییە لاوەکییەکانیش وەکو ڕەگەزی کەم کاریگەرتر))(بدری عیمان، بناو الشخصیه الرئیسیه فی روایات نجیب محفوظ، ٢٣٤) دەربکەون، بۆیە دەتوانین بڵێن کە کەسێتی سەرەکی ڕۆڵێکی زیاتر دەگێرێت لە گەشەسەندنی ڕەوتی ڕووداوەکان و کاریگەری زیاتری دەبێت، لەسەر سەرجەم توخمەکانی دیکەی وەك شوێن و کات و وەسف و پێکاتەی گشتی بنیاتی هونەری ڕۆمان، ((ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شاکەس لەڕووی بنیاتنانەوە بینایەکی ئاڵۆزی

هەیە، بۆیە ڕۆماننووس لە بیناى كەسە لاوەكییەكان زیاتر پێوەیان ماندوو دەبێت، چونكە هەر لەسەرەتاى دەست پێكردنى ڕۆمانەوە تا تەواو بوونى ئەو ڕۆمانە لەگەڵیاندا ڕۆشنایى دەخاتە سەر لایەنە گرنگ و كاریگەرەكانى كەسێتییان))( پەرێز سابیر، بیناى هونەرى چیرۆكى كوردى، ١٧٥)

٢-كەســـێتیى لاوەكـــى:

وەك چۆن لەرۆماندا كەسێتى سەرەكى هەیەو رۆڵى سەرەكى دەبینێت، بەهەمان شێوە چەندین كەسى لاوەكیش لە بەرێوەبردنى رووداوەكاندا ڕۆڵ دەگێڕن ، كە هەندێكیان گرنگى و ئەركیان لە شاكەس كەمتر نییە، بۆیە دەتوانین بڵێین كەسە لاوەكییەكان شوێن كەوتووى كەسە سەرەكییەكانن و بەیاردەدەرى ئەوان دادەنرێن، كەسێتى لاوەكى ((لەوردترین شێوەیدا لە بارەى بیرۆكەیەك یان سیفەتێكەوە دەخولێتەوە ئەمیش چەسپاوە و پەرەناسێنێ و كەش وهەواى خۆشى هەر خۆى دەیخولقێنێ))(سەروەر عەبدوڵڵا ، سەرەتایەك لەبارەى بنەماى گوتارى كەسێتى نێو رۆمان،١٥)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەم جۆرە كەسێتییانە بیناى پێكهاتنیان سادەو ساكارە بەئاسانى سروشتى كەسێتییان دەناسرێت ((بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین كە بەتەواوى كەسێتى پەراوێز خراون، چونكە هەندێ جار دەبنە یارمەتیدەرى كەسێتییە سەرەكییەكان لە رووداوەكانداو هەندێ جاریش لەگەڵیاندا دەكەونە كێشمە كێش و ململانێ تا سروشتى كەسێتییە سەرەكییەكان باشتر بناسێنن )).(روجر ب.هینكل، قراه الروایه مدخل الى تقنیات التفسیر، ١٩٠)

بۆیە هەندێ جار ئەم كەسێتییانە دەبنە كەسێتییەكى پێشكەوتوو پەرەسەندوو، كەواتە لە رۆماندا سەرەڕاى بوونى كەسێتى سەرەكى كەسێتى لاوەكیش هەیە، كە هەندێكیان هیچ كاریگەرییەكى ئەوتۆیان بەسەر ڕووداوەكانەوە نییەو پەرەناسێنن، هەندێكى دیكەشیان كار دەكەنە سەر پەرەسەندنى ڕووداوەكانى رۆمان و ڕۆڵى كاریگەریان هەیەو، هەوڵى دەرخستن و ئاشكراكردنى لایەنە نهێنى و شاراوەكانى ڕووداوەكانى ناو ڕۆمانەكە دەدەن و، بەشدارى لە بیناى كەسێتییە سەرەكییەكاندا دەكەن.

دووەم: جۆرى كەسێتییەكان بە پێى سروشتى پێكهاتـن و بیناى كەسـێتییان:

١- كەســێتیى پەرەســێن:

كەسێتى پەرەسێن وەك لە ناوەكەیدا دیارە كەسێتییەكە بەردەوام لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندایە، بێگومان لە رۆماندا كەسێتى پەرەسێن هەیە كە لەگەڵ بەرەو پێشچوونى ڕووداوەكاندا كەسێتییەكە پەرە دەسێنێ و گۆڕان لە هەڵس و كەوتیدا ڕوودەدات، جا لەبەر

ئەوە دەتوانین بڵێین کەسێتی پەرەسێن ((لەڕووی بنیاتەوە ئاڵۆزەو بە گوێرەی ڕووداوەکان و گۆڕانی بارودۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەکاو خوێنەر ناتوانێت بە ئاسانی لەیەك هەنگاوی ناسینییەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی بدات))(نەجم ئەڵوەنی ، کارەکتەرسازی لە رۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، ٧٣)

چونکە لەگەڵ هاتنە ئارای هەر هەڵوێست و پێشهاتێکی نوێدا، سروشتی کەسێتی گۆڕانی بەسەرداديێت و لەبارودۆخێکی دیاریکراودا بە جێگیری نامێنێتەوە و، چارەنووسی لای خوێنەر بە نادیاری دەمێنێتەوە تا کۆتایی رۆمانەکە، بۆیە لە سەرەتاوە((کەسێتییە پەرەسێنەکان بەشێوازێکی ڕوون پەرە دەسێنن لە ئەنجامی ڕووداوەکان و شتێك فێر دەبێت یا باڵاتر دەبێت تا باشتر یا خراپتر دەرکەوێت، بەڵام لە کۆتایی رۆماندا دەبێتە کەسێتییەکی جیاواز لەو کەسێتییەی سەرەتا، چونکە بە جیاوازی قۆناغەکانی دەگۆڕێت)) (نانسی کریس، تقنیات كتابه الروايه، ٢٠)

بەوەی کە بەرامبەر هەر ڕووداوێك ڕەفتارێکی نوێی تێدا دەبینرێت و هەڵوێستی نوێی دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو کەسانە چاوەڕوانی ڕەفتارو کارو کردەوەو شتی چاوەڕوان نەکراویان لێ بکرێت.

٢- کەسێتیی سادە:

ئەو جۆرە کەسانەن ((کە توانایەکی کەمیان هەیە بۆ گەشە سەندنی کەسایەتیان و لە رۆمانەکەش بە سنوورێکی دیاریکراو بەدەردەکەون، بەڵام لە هەمان کاتدا توخمی سەرەکی پلۆتی رۆمانەکەن))( گۆران سەباح غەفور، توخمەکانی رۆمان، ٣٥)

کەواتە کەسێتی سادە بینایەکی سادەی هەیە و پەرە ناسێنێ و، هیچ گۆڕانکارییەك لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاریدا ڕوونادات و، کارو کردەوەی چاوەڕوان نەکراوی لێ ناوەشێتەوەو، جۆرە کەسێکیشە (( کە خاوەن یەك ئاستی دیاریکراوەو لە کاتی ململانێ وکێشەدا زۆر سادە دەردەکەوێت و هەر لەیەکەم دەرکەوتنییەوە کەسێتییەکەی ئاشکرا دەبێت و بە ئاسانی لە کەسانی دی جیادەکرێنەوەو دەناسرێنەوە))( محمد امین عبدالله، شاکەس لە رۆمانی کوردی دا،١٦)

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کەسێتییە سادەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە، (( بە پێچەوانەوە هەندێ جار گرنگی وکاریگەری ئەم کەسێتییانە لە گرنگی و ڕۆڵی کەسێتییە پەرەسێنەکان کەمتر نییە، چونکە بەهۆی کارلێکردن و تێکەڵ بونیان لەگەڵ کەسانی دی بە تایبەتی کەسە پەرەسێنەکان یارمەتیدەرێکی باشن بۆ تێگەیشتن لێیان و دەرخستنی لایەنە شاراوەو نادیارەکانیان))( هەمان سەرچاوە، ١٦-١٧)

**باســی دووەم:**

**پوختەیەك لە رۆمانی ((ئەندێشـەی مـرۆڤێك))ی حسین عارف دا**

رۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك) رۆمانێکە لە دووتوێی (٢٦٠) لاپەڕەیەو لە دوو بەش پێکهاتووەو، هەر بەشەی چەند دیمەنێك لە خۆی دەگرێت. بەشی یەکەم لە هەشت دیمەن و بەشی دووەم لە نۆ دیمەن پێکهاتووەو سەرجەمیشیان حەڤدە دیمەنن. حسێن عارف بە شێوازێکی هونەری و داڕشتنێکی جوان کەرەستەو ڕووداوەکانی پێکەوە گرێداوەو بە شێوەیەکی پوخت رۆمانی ئەندێشەی مرۆڤێکی لیّ بەرهەم هێناوە. بێگومان ڕووداوەکانی ناو ئەم رۆمانەش وەکو رۆمانەکانی دیکەی لە واقیعی کۆمەڵی کوردەوارییەوە سەرچاوە دەگریّ و بارودۆخی کۆمەڵگەکەمان بە شێوازێکی هونەری جوان دەخاتە بەرچاو، بەڵام لێرەدا ڕوو لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و نامۆ بوونی مرۆڤ دەکات، بەرامبەر بە خۆیی و کۆمەڵ و گۆشەگیری و تەنیایی مرۆڤ پیشان دەدات و، ڕوو لە مرۆڤە وشیارو ڕووناکبیرەکان دەکات، کە بە شێوەیەکی مرۆڤانە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەڵس و کەوت دەکەن و خاوەن هەستی مرۆڤایەتین، بەڵام ئەم گۆشەگیری و تەنیاییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین ((چونکە هەست دەکەن کە چارە نووسیان لە ناو دەستی هێزێکی سامناك و بیّ بەزەیی دایە هەربۆیە ئەوان گەشبین نین، گەشبینی لە بارودۆخی ئەواندا لە ساویلکەیی و دەبەنگی بەدەر نییە، ئەو هێزەی چارەنووسی ئەمان دیاریدەکات هێزێکی میتافیزیکی غەیبی نییە، بەڵکو کۆمەڵ و کەس و هێزو دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵن))( ڕەفیق سابیر، نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حسێن عارفدا،٤٤)

لە نێو کۆمەڵگەکەی حسێن عارفدا نە ئازادی و نەمافی تاکە کەس دابین نەکراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەم و دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەی لە ئارادادایە، بۆیە چەوساندنەوەو زوڵم بۆتە بەشێك لە کۆمەڵگە، ئەگەر مرۆڤێك وشیاربێت و هەست بە لێپرسراوێتی بکات ئەوا ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵ و دەسەڵات و تاکەکانیشیدا بگونجێت، چونکە بەشێك لە تاکەکانیش بوونەتە داردەستێك بۆ ئەو دەسەڵاتە بۆیە تاك ناچار دەبێت ژیانی گۆشەگیری هەڵبژێرێت و خۆی بەدوور بگرێت لە کۆمەڵگەیەك کە هیچ ڕێسایەکی مرۆڤایەتی تێدا نییەو خواستەکانی مرۆڤی تێدا فەرامۆشکراوە ((ئەگەر تاکیش لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە تیایدا دەژی هەستی بە پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کردو حەزو ئارەزوو ئاوات و ڕاو بۆچوونەکانی کە جیهانی ناوەوەی تاك پێك دەهێنن دژ بە ئاوات و ڕاو بۆچوون و داب ونەریتی کۆمەڵەکەی بوو وە نەتوانرا لێك نزیك بکرێنەوەو بەردەوام مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵ و دامەزراوەکانیدا لە ململانێدا بوو ئا لەم کاتەشدا مرۆڤ هەست بە نامۆیی کۆمەڵایەتی دەکات)) ( کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ٥٥)

ڕۆمانەکە لەسەرەتادا باس لەپیاوێك دەکات بەناوی(سەبری)، کە لەخانوویەکدا بەتەنها دەژی، تەنها خوشکێکی هەیە،کە ناوی (بەهیّ)یە، ئەویش لەماڵ وحاڵی خۆیەتی، سەبری کەسێکی وشیارو ڕووناکبیرە لە بنەماڵەیەکی ناودارە، هەست دەکات لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی تاکەکان خاوەنی هیچ هەستێکی مرۆڤایەتی نین، تەنانەت((یاساکانی کۆمەڵ بەبەندێکی زاڵ وخنکێنەر دەبینێت وهیچ بڕوایەکی بە لایەنە باشەکانیشی نەماوەو تەنها لایەنە زۆردارەکەی دەبینێت))(غیاپ الدین نقشبندی، نامۆیی، ٧٩)

بۆیە ئەمیش لەئەنجامی ئەوەی ناتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا ژیانی تەنیایی هەڵدەبژێرێت، پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانیشی لەسنورێکی تەسکدایەو تەنیا چەند هاورێیەکی دیاریکراوی هەیە، (عیزەتەفەنی) دراوسێیەتی وە تاکەکەسە، کەدەتوانیّ لێی تێبگات واتە هەردووکیان لە زمانی یەکتر تێدەگەن، چونکە ئەوانەی لەو کۆمەڵەدا دەژین بە زمانی سەبری نامۆن، بۆیە کاتێك ماڵی عیزەتەفەنی دەڕۆن، سەبری زیاتر هەست بە گۆشەگیری وتەنیایی دەکات، چونکە عیزەتەفەنی نزیکترین کەس بوو بۆی تاکەکەسیش بوو کە بتونێت تێی بگات، سەبری کەسێکە بەردەوام لەهەوڵی گەڕاندایە بەدوای نهێنییەکانی ژیان وبوون و نەبووندا لە دیدێکی فەلسەفییەوە دەڕوانێتە ژیان وبەدوای دۆزینەوەی خودی خۆیدا دەگەڕێت ودەیەوێت وەك مرۆڤێك لە ناو کۆمەڵەکەیدا بژی و هەست بە کەسێتی و بوونی خۆی بکات، بەڵام سەرئەنجام کەسێتی سەبری تێك دەشکێت، چونکە ناتوانێت بەرامبەر هەموو ئەوئازارو چەوساندنەوەیە خۆڕاگربێت، سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤێکی وشیاریشە بەلاّم وەك کەسێکی لاوازو بیّ دەسەلاّت بەرامبەر ژیان دەردەکەوێت، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە بوترێت و بکرێت و هەست دەکات لە بەرژەوەندی خۆیدان فەرامۆشیان دەکات ودەیانگەڕێنێتەوە بۆ ناخی خۆی و دەریانانابرێت، بێگومان ئەمەش لاوازی تاك دەردەخات، بەلاّم لەلایەکی دیکەشەوە پێی وایە ئەگەر باسیشیان بکات سەرئەنجامەکەی بیّ سوودە لەناو کۆمەڵگەیەکی نایەکساندا.

**باسی سێیەم: شیکردنەوەی کەسێتییەکانی ڕۆمانی (ئەندێشــەی مرۆڤێـك)**

**کەسێتی سەرەکی لە رۆمانەکـــەدا (شاکەس) :**

**سەبارەت بەدیاریکردنی کەسێتی سەرەکی دەتوانین بڵێین، لە رۆمانەکەدا تەنها یەك کەسێتی سەرەکی تێدایە ئەویش (سەبری)یە، کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و دەبێتە فاکتەری سەرەکی دەرخستن و ڕێکخستنی کەسێتییەکانی تر، سەبری لەڕووی پێکهاتەو بینای کەسێتییەوە کەسێتییەکی پەرەسێنە، چونکە خاوەنی چەندین ڕەهەندی مرۆییەو لەگەڵ ڕووداوەکاندا کارلێك دەکات و هەڵوێستی نوێی دەبێت و کاری چاوەڕوان نەکراوی لێ دەوەشێتەوە، خاوەن بنیاتێکی ئاڵۆزە. سەبری تەمەنی (٥٩) ساڵەو ئاستێکی رۆشنبیری بەرزی هەیەو خاوەنی کتێبخانەیەکە کە (٣٥٠٠) کتێبی هەمەجۆری لەخۆ گرتووە بەتایبەتیش بابەتە فەلسەفیەکان، بەردەوامیش لە هەوڵی گەڕاندایە بەدوای نهێنییەکانی ژیان و پەرستش و بوون و نەبووندا، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کەسێکە نامۆیە بە کۆمەڵ، چونکە ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا دەژی بەبڕوای ئەو خاوەنی هیچ بەهاو هەستێکی مرۆڤایەتی نین و هەر لە بەرزترین دەسەڵاتەوە تا نزمترینیان مرۆڤ دەچەوسێننەوە، هەر بۆیە ((سەبری وەك کەسێکی بەخۆ نامۆ لە دۆزەخی گومان لە کەسانی دەوروبەردا دەژی هەست دەکات ئەمان بەردەوام پلانی بۆ ڕێك دەخەن و دەیانەوێت ئازاری بدەن، ئەو بۆچوون و بەدگومانییەی لای دروست بوون بەشێکیان ئەساسیان نییەو خستویانەتە حاڵەتێکی پڕ لە نیگەرانی و پشێویەوە)) (رەفیق سابیر، نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حسێن عارفدا،٤٨)**

**سەبری وەك مرۆڤێکی رۆشنبیر بە شێوازێکی جیاواز لە کۆمەڵ و خەڵکانی تر بیر دەکاتەوە، کە بێگومان ئەم کەسانە نموونەیان زۆر کەمە لە کۆمەڵ داو هەست دەکات هیچ شتێك لە شوێنی شیاوی خۆیدا نییە، بۆیە ئەمیش وەك تاکێك ناتوانێت بگونجێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵەو لە ئەنجامدا ژیانی گۆشەگیری هەڵدەبژێرێ و بە تەنها لە خانوویەکدا دەژی، بەتایبەتیش کاتێك ماڵی(عیزەتە فەنی) دەڕۆن تەنهایی زیاتر تیایدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە زۆر هاوەڵ و هاوڕێی بوو((ڕۆشتنەکەیان بۆ ئەم گەلێ لە ڕۆشتنەکەی باوکی سەختر بوو. ئەوەی باوکی چاوەڕوانکراو بوو لە پێش هاتنی ئەوانەوە بە ساڵ و نیوێك تووشی نەخۆشی کوشندەی خۆی بوو بوو، کە ئەوان هاتن و هەر دوای حەوت مانگ زایە بوو. زایە بوونەکەی بەلاوە ئاسایی بوو بوو لە کاتێکدا ڕۆشتنەکەی ئەوان بومەلەرزەیەك بوو لە ناکاوێکدا دای لە هەناوی و بەبێ بڕانەوە دەستی وێرانکاری تێدا دەگێڕا))( ئەندێشەی مرۆڤێك، ١١)**

**بۆیە کاتێك ماڵی عیزەتەفەنی دەڕۆن سەبری زیاتر هەست بە تەنیایی دەکات، هەرچەندە بەهێ ی خوشکی و حەمەجەزای خوشکەزای چەندین جار داوای لێ دەکەن کە بچێتە لای ئەوان و واز لەو خانووە بهێنێ، بەڵام ئەو داواکارییەکەیان فەرامۆش دەکات تەنانەت لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی نێوان باوکی و سەبریدا کاتێك داوای لێ دەکات ژن بهێنێ و خێزان پێك بهێنێ بۆ**

ئەوەی لە تەنیایی رزگاری بێت، بەڵام داواکارییەکەی باوکیشی ڕەتدەکاتەوە، چونکە پێی وایە دوو مرۆڤی وەك یەك هەرگیز نەهاتوونەتە بوون و کەسێك نییە هاوشێوەی خۆی بێت.

سەبری هەر لە منداڵییەوە هۆگری تیشکی خۆری بەیانیان دەبێت و دەیکاتە هاوەڵ و هاودەمی خۆی، بۆیە لەهەر بەیانییەکی نوێ و دەرکەوتنی یەکەم تیشك و گزنگی بەیاندا هەست بەسەر لە نوێ زیندووبوونەوە دەکات و پێی وایە هەموو کەسێك لە ژیانیدا هۆگری شتێك دەبێت((هەر کەسە لە ژیانیدا هۆگری شتێك یان چەند شتێ دەبێ، من هۆگری ئەم تیشکەی بەیانیانم کە لە پەنجەرەکەوە خۆی بەژووردا ئەکا))(ئەندێشەی مرۆڤێك، ٤٢)

سەبری بەشێوەیەك هۆگری ئەو تیشکی خۆرە دەبێت، کە واهەست دەکات ژیان و بوونی پێوە بەندە، بەڵام کاتێك (کەریمە کۆم) دەچێتە جێگەی خانووەکەی ماڵی عیزەتە فەنی و دەبێتە دراوسێی سەبری، ژوورێك لە قاتی سەرەوەی خانووەکەیدا دروست دەکات و ڕووناکی ئەو تیشکە خۆرەی لێ وندەکات ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروست بوونی خەم و ئازارو نەهامەتییەکانی و تێکچوونی باری دەروونی و پێی وایە، کە بۆ ئازاردانی ئەم ئەو ژوورەی دروست کردووەو بە تاوانێکی گەورەی دادەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك کەریم ژوورەکە دروست دەکات و تیشکی خۆری لێ زەوت دەکات، سەبری لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە هیچ شتێکی لەگەڵدا باس ناکات، هەرچەندە بە ناهەقی و زوڵمیشی لەقەڵەم دەدات، چونکە پێی وایە گەر باسیشی بکات سەرئەنجامەکەی بێ سوودە. بۆیە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناخ و دەروونی خۆی و بەنەمانی تیشکەکەش دەگاتە ئەوەی بڵێیت ((من تەمەنم کۆتایی هات و رووناکی ژیانم کوژایەوە)) (ئەندێشەی مرۆڤێك، ٦٨)

هەرچەندە چەندین جار حەمەجەزای خوشکەزای بۆی ڕووندەکاتەوە کە کەریمە کۆم بە هیچ مەبەستێکی خراپ ئەو ژوورەی دروست نەکردووە، بەڵکو بۆ کچەکانی دروست کردووە کە خوێندکارن، بەڵام بڕوا بە قسەکانی ناکات و هەڵوێستی بەرامبەر ئەویش دەگۆڕێت، تەنانەت بەهێ ی خوشکیشی بە پیاوێکی باش باسی کەریم دەکات ، بەڵام سەبری بڕوا بە قسەی هیچ کامیان ناکات.

لەسەرەتاشداو لە ڕۆژی سێیەمی هاتنەکەیاندا کاتێ سەبری چاوی بە کەریم دەکەوێت بە پیاوێکی بەد و ڕەزاگران دێتە پێش چاوی، چونکە سەبری لەو کەسانە بوو کاتێ کەسێکی نەناسی دەبینی، لەسەرەتادا بەبینینی ڕواڵەت و ڕووخسار کەسێتی مرۆڤەکانی هەڵدەسەنگاند، بۆیە پاش سڵاوو گفتوگۆو لە ناکاوێکدا کاتێك کەریم پرسیاری لێ دەکات ((ئەرێ بەڕاست مامۆستا تۆ چۆنە وا بەڕەبەنی ماویتەوەو تا ئەم تەمەنە ژنت نەهێناوە))(ئەندێشەی مرۆڤێك، ١٧)

لە ڕاستیدا ئەو پرسیارە زۆر کاری لێ دەکات و دەروون و ناخی دەهەژێنێ و لە ئاستیدا سەری سوڕ دەمێنێ و هیچ وەڵامێکی بۆ نادرێتەوە، لەبەر ئەوە لەو کاتەوە کەریمی بە

کەسێکی خراپ دێتە پێش چاوو کاتێکیش ژوورەکە دروست دەکات و تیشکی خۆری لێ زەوت دەکات، زیاتر بۆی دەردەکەوێت کە ڕقی لێیەتی و حەز بەچارەی ناکات، بەڵام پاش خوێندنەوەی ئەو پارچە کاغەزەی ناو ئەو سندوقە کۆنەی کە لە بنەماڵەکەیانەوە بۆی مابۆوەو بۆی دەردەکەوێت، کە کەریمە کۆم و سابیر زڕبراین زیاتر ڕووداوەکان ئاڵۆزی بەخۆیانەوە دەبینن، چونکە لە ناخدا چارەی هیچیانی نەدەویست، هەر بۆیە ئەو پارچە کاغەزە دەبێتە تەوەرەی سەرەکی دۆزینەوەی نهێنییەکان وچەقی سەرەکی تەواوکردنی سوڕی ڕوداوەکان و دروست بوونی گۆڕان لە کەسێتی سەبریدا، چونکە کاتێك بۆی ڕووندەبێتەوە کەریم برایەتی سەرباری ئەوهەموو ناحەقی وخراپەیەی بەرامبەری کردوێتی، سابیریش هەرلە بنەڕەتەوە دەیزانی زڕبرای سەبرییە، بەڵام هیچ شتێکی لاباس نەدەکرد، تاکاتی خوێندنەوەی کاغەزەکە سەبری ئەم مەسەلانەی بۆ روون دەبێتەوە، بۆیە ئاشکرابوونی ئەم نهێنییانە سەبری وەك شێت لێدەکات وبەشێوەیەك کاری تێدەکات، کە وەك کەسێکی ڕاونراو لەنیوە شەوێکی درەنگدا ماڵ بەجێبهێڵێ وکۆڵانەوکۆڵان ڕێ بگرێتە بەر بێ ئەوەی بزانێت بەرەوکوێ دەچێت، تا دەگاتە ماڵی زێبای بێوەژن، بەڵام لەوێش ناحەوێتەوەو بەرەو گردی سەیوان بۆسەر گۆڕی دایك و باوکی دەکەوێتە ڕێ، لەسەر گۆڕەکەی باوکی دەکەوێتە گلەیکردن لەبارەی شاردنەوەی هەموو ئەوشتانەی پێشتر ڕوویانداوەو لە پارچە کاغەزەکەدا نووسرابوون، بۆیە پاش دەربڕینی هەموو ئەو شتانەی لەناخیدا پەنگی خواردبۆوە هێوردەبێتەوەو بڕیار دەدا هەر بەو شەوە بگەڕێتەوە، بەڵام وەك مرۆڤێکی سەرلێشێواو نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوات، پاشان بڕیاردەدا بچێت بۆماڵی زینەتی بێوەژن، کەپێشتر هاتوچۆی ماڵیانی دەکردو یارمەتی دەدان و زینەت داوای لێکردبوو، کە بیخوازێت، بەڵام سەبری بە ناپاکی لەقەڵەم دەدا ، بەڵام لەوکاتەدا پەشیمان دەبێتەوەو بڕیاردەدا هەر بەو شەوە بچێتە ماڵیان و، کە ڕۆژ بۆوە مارەی بکات ((کە ڕۆژبۆوە هەر کە ڕۆژبۆوە پەلت دەگرم و دەتبەم بۆلای قازی نانا قوڵت دەکەم بە قوڵمداو دەتبەم))(ئەندێشەی مرۆڤێك ، ٢٥٧)

بەڵام پێش ئەوەی بیرەکەی جێ بەجێ بکات گوێی لەرپزێك گوللە دەبێت کە لەدورەوە تارماییەکی ڕاونراو دەبینێت، کاتێ بەرەو ڕووی دێت هەست دەکات لەمەترسی دایە، بۆیە هەوڵی خۆحەشاردان لە ناوگۆڕەکاندا دەدات، بەڵام لە ئەنجامدا ((لێزمەی گوللە بارانێکی کەوتە بەر گوێی و لە گەڵیدا کسپەیەکی لەچەشنی شیشێکی سورەوەکراو چەقێنرابێتە گازەرای پشتی چزەی لێ هەڵساند گلایە سەرزەوی و لولی خوارد))( ئەندێشەی مرۆڤێك، ٢٥٩) بۆیە ناتوانێت هەستێتەوەو خوێن لەشوێنی زامەکەیەوە فیچقە دەکات، هەرچەندە هەوڵ دەدات خۆی دەربازبکات ، بەڵام لە ئاکامدا بێ سوود دەبێت و سەرئەنجام لەناودەچێت و ژیانی کۆتایی پێ دێت.

**كەسێتییە لاوەکییەکان لەڕۆمانەکـــەدا:**

**جگە لە سەبری شاکەس لەم ڕۆمانەدا چەندین کەسی لاوەکیش هەن،کە هەندێك لەوکەسێتییە لاوەکییانە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەرکەسێتی سەرەکی وبەرەوپێش چوونی ڕووداوەکان هەیە، هەندێکیشیان هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییان نییەو وەك کەسێکی سادە دەردەکەون و پەرە ناسێنن، هەندێکیشیان تەنها ناویان هاتووە.**

**(کەریمە کۆم)کەسێکی لاوەکییە، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەری لەبەرەوپێش چوونی ڕووداوەکان هەیەو کاردەکاتە سەر کەسێتی سەرەکی و، دەبێتە هۆی دروست بوونی گۆڕانکاری لە سەبری شاکەسداو وەك کەسێکی پەرەسێن دەردەکەوێت و کردەوەی چاوەڕوان نەکراوی لێ دەوەشێتەوە، چونکە بەدروست کردنی ژوورێك لەقاتی سەرەوەی خانووەکەیدا، کاتێك تیشکی خۆری لێ ون دەکات باری دەروونی سەبری تێك دەچێت و ناخ ودەروونی دەهەژێنێ، هەرچەندە کەریم بێ هیچ مەبەستێك ئەو ژوورە دروست دەکات، بێ ئەوەی هەست بکات سەبری بەو ڕادەیە هۆگری تیشکی خۆرە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بە ڕادەیەکی زۆر کار دەکاتە سەر سەبری، چونکە بەجۆرێك هۆگری تیشکی خۆربوو بوو کە هەموو ژیانی خۆی پێوە بەندکردبوو.**

**ئەگەر لە کەسێتی کەریم وردبینەوە دەبینین لەڕۆمانەکەدا بەئاشکراو ڕاستەوخۆ دیاری نەکراوە، چونکە بوار بەخۆی نادرێت کەسێتی خۆی ئاشکرا بکات، بەڵکو لە ڕوانگەی سەبری و بەهێ و حەمەجەزاوە کەسێتییەکەی خراوەتە ڕوو، هەریەك لەمانەش لەڕوانگەی خۆیانەوە دەڕواننە ئەو کەسێتییە، لە ڕوانگەی سەبرییەوە کەریم کەسێکی بەدو خراپەو بەم شێوەیە وەسفی دەکات((دووچاوی زەق ، لوتێکی نووك تیژی چنگاڵی ، دوو ڕوومەتی قوپاو ، بەباڵاش مام ناوەندی))( ئەندێشەی مرۆڤێك،١٩)**

**ڕەنگە ئەم وەسفەی سەبری بۆکەریم تارادەیەك پەیوەندی بەرق وتوڕەی ناخییەوە هەبێت بەرامبەری، تەنانەت سەبری کەریمی بە کەریمە کۆم ناودەبرد، کەچی لەڕاستیدا کەریمی کۆمەیە، چونکە باوکی کۆم بووە نەك خۆی بۆیە حەمە جەزا دەیەوێت بۆی ڕوون بکاتەوەو بە سەبری دەڵێت((کە ناوی کەریمەو کوڕی وەستا عەبدوللای ناسراو بەکۆمە))(ئەندێشەی مرۆڤێك ،١٥٧)**

بەپێچەوانەوە بەهێ ی خوشکی سەبری، کەریم بەپیاوێکی بێوەی و باش وەسف دەکات،((پیاوێکی بێوەیەو سوکە خێزانێکی هەیە))(ئەندێشەی مروڤێك، ٢٣)
هەروەها حەمەجەزاش کەریم وخێزانەکەی بەکەسانێکی باش باس دەکات، ((نەك هەر خۆی بەڵکو خێزانەکەشی بەژن وهەردووکچ وکوڕەکەیەوە نموونەیەکن لەپاکی و خاوێنی لەڕەوشت وگفتارو ڕەفتاری بێگەرد لە خێرخوازی و چاکەکاری ومەردایەتی، من لەنزیکەوە زۆرلەنزیکەوە ناسیومن ولێیان دڵنیام)).
( ئەندێشەی مروڤێك، ١٩٠)

لە راستیدا کەریم کەسێکی باش و بێوەیەو خراپەی بۆکەس نییە، بەڵام سەبری لەدیدو بۆچونی خۆیەوە دەڕوانێتە کەریم، چونکە پێی وایە تاوانی بەرامبەر کردووە.
سەبارەت بە کەسێتی سایێر ئەگەرچی کەسێکی لاوەکییە، بەلام ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر کەسێتی سەرەکی و بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان هەیە، چونکە سایێر چەند جارێك داوا لە تۆفیقە فەنی برادەری باوکی سەبری وسەبری دەکات ئەو سندوقەی لەماڵی سەبریدایە بیپشکنن، چونکە پێی وابوو ئەوەی دەیەوێت لەوێدایە، هەرچەندە پێشتر سەبری چەند جارێك سندوقەکەی کردبۆوەو پشکنیبووی، بەڵام شتێکی وای تێدا بەدی نەکردبوو، هەر بۆیە کاتێك سەبری زانی سایێر سوورە لەسەر ئەو داوایە جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە پشکنینی سندووقەکەو پاش گەڕانێکی زۆر ورد پارچە کاغەزێکی دۆزییەوە کەلە قتوویەکی بچوکدا پارێزرابوو، کەتیایدا روون کرابۆوە سایێرو کەریم زبڕاین، پێشتر کاتێك باوکی لە ژیاندا مابوو ئەو پارچە کاغەزەی لەوێدا حەشاردابوو، ئاشکرابوونی ئەم نهێنییە کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەرسەبری و دۆزینەوەی ئەوکاغەزە دەبێتە هۆی تەواوکردنی نهێنی و سوڕی روداوەکان. سەبری سایێری بە کەسێکی بێ ئەقڵ و شێت دادەنا ((هاتوومەتە سەر ئەوباوەڕەی کە مروڤێکی تەواونییە، ئەقڵی سووکە، بگرە شێتێکە ئاو لێڵ ناکا))( ئەندێشەی مروڤێك، ١٣٧ )

هەروەها(عیزەتەفەنی) کەسێتییەکی لاوەکییە، لەرووی پێکهاتەو بینای کەسێتییەوە کەسێکی سادەیە، چونکە هەر لەیەکەم دەرکەوتنیەوە کەسێتییەکەی ئاشکرا دەبێت و بە ئاسانی لە کەسانی تر جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە، بەڵام کاریگەری لەسەر کەسێتی سەرەکی هەیە، عیزەتەفەنی دراوسێ وبرادەرێکی خۆشەویستی سەبرییە وتەنها کەسێکیشە لێی تێدەگات، بۆیە دوای ئەوەی ماڵی عیزەتەفەنی دەڕۆن، سەبری تەنیای و خەمێکی قوڵ دایدەگرێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ماڵی کەریمە کۆم دەچنە جێگەکەی ئەوان. سەبری عیزەتەفەنی بەپیاوێکی زیرەك و وریادەبینی ((عیزەتەفەنی مروڤێکی گێل و گەمژە نییە، پیاوێکی

حەپۆلکەو گەلحۆ نییە، زۆر زیرەك و وریاو سەرنج تیژە، وەك دەوترێ ئاگای لە جوڵەی ماروو مێرووە)) ( ئەندێشەی مرۆڤێك،٧٧ )

کاتێك ماڵی عیزەتەفەنی بوونە دراوسێی سەبری، باوکی سەبری هێشتا لەژیاندا مابوو، هەرلەزووەوە بنەچەو بنەماڵەکەیانی بەباشی دەناسی، عیزەتەفەنی یەکێك بوو لە مرۆڤە وشیارو مرۆڤدۆستەکانی کۆمەڵگە، بۆیە سەبریش پەیوەندییەکی باشی لە گەڵیدا هەبوو، دەیتوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و زۆربەی جاریش گفتوگۆکانیان لەبارەی چەندین مەسەلەی فەلسەفی و ژیان ومردن بوو، بۆیە لەڕۆمانەکەدا بنەماڵەو بنەچەو کەسێتی عیزەتەفەنی وەك بنەماڵەیەکی باش وچاك باس دەکرێن چ لەلایەن باوکی سەبری و چ لە لایەن خودی سەبریشەوە.

کەسێکی تری وەك (حەمەجەزا) کەسێکی لاوەکییە، لەرووی پێکهاتن و بینای کەسێتییەوە سادەیە، بەڵام ڕۆڵی لەسەر کەسێتی سەرەکی و بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان هەیە، حەمەجەزا کوڕی بەهێ یەو خوشکەزای سەبرییە، لاوێکی زیرەك و وریایە، بۆیە لە ڕوانگەی سەبریشەوە کەسێکی قسەزان و زیرەك ولاوێکی پاك و بێگەردە،((سەبری ئەوی وەك قوتابییەکی زیرەکی بیروهۆش ڕەنگین، وەك لاوێکی چست و چالاك و وریاو وەك مرۆڤێکی قسەزان وسەروزمان شیرین چاکی دەناسی، بگرە هەرلە منداڵییەوە وەك خاڵ وخوشکەزایەکی هۆگری یەکتری لەناو کەس و کاردا دەناسران)) (ئەندێشەی مرۆڤێك، ٢٨)

بۆیە سەبری هەرلە منداڵییەوە حەمەجەزای لەناخی دڵەوە خۆش دەویست وزۆربەی جارلەگەڵی دەدواو، یەکێك بوو لەوکەسانەی پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوو، بەلام کاتێك حەمەجەزا ئەو نهێنییە لای سەبری ئاشکرا دەکات، گوایە کەریمە کۆم کەسێکی نزیك و خۆشەویستییەتی و بەردەوام هاتوچۆیان دەکات و وەك ئەندامێکی خێزانەکەیانی لێهاتووە، لە هەمان کاتیشدا دڵی بە کچەکەوەیەتی، ئەم قسانە هۆش وبیری سەبری دەهەژێنن و هەڵوێست و بۆچونی بەرامبەری دەگۆڕێت وپەیوەندی لەگەڵ دەپچڕێنێ، چونکە لە سەرەتادا وەك فریشتەیەك لە حەمەجەزای دەڕوانی((ئاخر خۆ من تۆم بەلاوە فریشتەیەکی ئەوئاسمانە بوویت، ئاخر تۆچۆن دەدەیتە پاڵ کەسێك کە غەدرێکی ئاوا گەورەی لە من کردبێ ، ئەو دەردێکی دامێ داخێکی چزاند بە جگەرمدا سزایەکی پێ نۆشیم کەکەس تا ئێستا لەگەڵمیدا نەکردووە، ئیتر تۆچۆن دەبیتەهاوەڵ و هاودەمی)) ( ئەندێشەی مرۆڤێك،١٩٢)
کاتێك سەبری حەمەجەزا دەبینێ لەپرسەی تۆفیقە فەنی دا کە لەگەڵ سابیرو کوڕەکانی دا قسە دەکات واهەست دەکات پلانی لێدەگێڕن، ئەمەی لێ دەبێتە مەراقێکی گەورەو پێوەی

دەتلێتەوە، بۆیە دوای تەواوبوونی پرسەکە داوا لە حەمەجەزا دەکات کە بۆی روون بکاتەوە سابیر چۆن دەناسێت، کاتێکیش بۆی روون دەکاتەوە کەلەرێگەی مامۆستا ساڵحەوە دەیناسێت، کەکوڕی سابیرەو سەبریش دەیزانی سالح برازای کەریمە، هەربۆیە زیاتر هەڵوێستی بەرامبەری دەگۆڕێت و وەك هەر مرۆڤێکی نەگریسی کۆمەڵگەی دەبینێ،((تۆش هەر مرۆڤێکی نەگریست لێ دەرچوو، بگرە هاتیت گرگڕ وەك هەرمرۆڤێکی جانەوەری بەکەڵبەو نینوك وەك هەر نهێنیگرێك کەوتیتە گەستن)) ( ئەندێشەی مرۆڤێك،١٩٢)

ئەو رووداوانە زۆر کاردەکەنە سەرسەبری وهەست دەکات کەسێك نییە بتوانێت لەگەڵیدا بدوێت و کەمێك لە ئازارو خەمەکانی کەم بکاتەوە، تەنانەت کەسە نزیکەکانیشی دەبنە مایەی کێشەوگرفت بۆی.

هەروەها کەسانی وەك (بەهێ، حەسەن، تۆفیقەفەنی، زینەت، زێبا، شەوقییەفەنی، عومەری سۆفی، روشدی)، لە رووی پێکهاتەو بینای کەسێتییەوە، کەسێتییەکی سادەیان هەیەو گۆڕان و بەرەو پێش چوون لە کەسێتییاندا رووناداث وکارناکەنە سەر بەرەو پێش چوونی رووداوەکان.

(بەهێ) خوشکی سەبرییەو تەنیا ئەو خوشکەی هەبوو، کە هەندێ جار سەردانی ماڵیانی دەکرد، بەهێ چەند جارێك خۆی ومێردەکەشی (حەسەن)داوا لە سەبری دەکەن کەلەگەڵیاندا بژی، بۆئەوەی تەنها نەبێت بەڵام سەبری داواکارییەکەیان ڕەتدەکاتەوە.

(تۆفیقەفەنی)کۆنە هاورێی باوکی سەبری بوو، تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەری بوو،((لە ناو خەڵکی شاردا بە پیاوێکی نیشتمان پەروەری مەردو خاوەن هەڵوێست ناسرابوو))( ئەندێشەی مرۆڤێك،٢٢١)

یەکێك بوو لەو کەسانەی ئاگاداری هەموو نهێنییەکانی ژیانی باوکی سەبری بوو، چونکە هەرلە منداڵییەوە هۆگری یەکتری بووبوون و زۆربەی کاتەکانیان بەیەکەوە بووە، تەنانەت کاتێك ماڵی تۆفیقە فەنی دەڕۆن و خانووەکەیان جێدێڵن و لە یەکتری دووردەکەونەوە، پەیوەندییان پێکەوە هەر دەمێنێت، بۆیە پاش مردنی باوکی سەبریش، سەبری هەندێ جار سەردانی دەکردو بەبینینی یەکتر خۆشحاڵ دەبوون.

سەبارەت بە (زینەت) کەسێکی بێوەژن بوو، خاوەنی (٥)منداڵ بوو، مێردەکەی کە ناوی نوری بوو، لە ناو شاردا بە گوللەی وێڵ دەکوژرێت، نوری برادەری خۆشەویستی سەبری بوو، بۆیە کاتێك کۆچی دوایی کرد سەبری چارەنووسی زینەت ومنداڵەکانی لاببووە ئازارو ئەندێشەیەکی ئەوتۆ، کە بەردەوام پێوەی دەتلایەوە، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنیان دەگرێتە ئەستۆی خۆی، هەرچەندە عیزەتەفەنی داوا لە سەبری دەکات زینەت بخوازێت، بەڵام بەناپاکی و خیانەتی دادەنا کە خێزانی برادەرەکەی بخوازێت ئەگەرچی مردبێتیش.

هەروەها (زیبا)ش کەسێکی بێوەژن و خاوەنی سێ منداڵ بوو، مێردەکەی مردبوو، خێزانێکی هەژارو بێ دەرەتان بوون، بەڵام بە پێچەوانەی زینەتەوە کەسێکی بێ ئابڕوو جەستە فرۆش بوو، چونکە سەبری و شەوقییە فەنی چەندین جار داوێنپیسییان لەگەڵدا کردبوو.
(شەوقی)ش هاوڕێی سەبری بوو، بۆماوەی هەژدە ساڵ لە دایرەیەکدا پێکەوە بوون.(عومەر)یش پورزای عیزەتەفەنی بوو، کە لە دایرەی شارەوانی لەگەڵ سەبریدا پێکەوە دامەزران، هەر عومەریش بوو سەبری و عیزەتەفەنی کردە دراوسێی یەکتر. سەبارەت بە (روشدی)ش هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ سەبریدا هاوڕێی گەرەکێك بوون.

هەروەها چەند کەسانێکی تر تەنیا جارێك لە ڕووداوێکی لاوەکیدا دەردەکەون و، ئیتر دیارنامێنن و هیچ ڕۆڵ وکاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان نییە، وەك:((ئەمین، وەستابەکر، نەنەگوڵزار، عوسمان، حەمەسەعید، فایەق))، بەڵام چەند کەسێکی تر تەنها ناویان هاتووە بەبێ ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا دەربکەون، وەك: ((نەسرین، کاکەحەمە، کەمال، حاجی ڕەشید، سەلمە، مەلاکاکەمین، شیرین، میرزامارف، حەمەد، عباس، بەکر، مەلەك)).

**ئەنجـــــــام:**

**لە کۆتایی باسەکەدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان لەلا گەلآڵە بوو:**

**-ئەنجامە گشتییەکان:**

**١-لەبارەی جۆری کەسەکان بەپێی ئەرك و کاریگەرییان لە ڕووداوەکاندا دووجۆرن، کەسێتییە سەرەکییەکان و کەسێتییە لاوەکییەکان. ڕۆڵی هەر کەسێکیش لەو کەسانە لەڕووی بەرەو پێش چوون و پەرەسەندن و دوورو نزیکییان لە ڕووداوەکان جۆری کەسەکان دیاری دەکات.**

**٢-جۆری کەسەکان بەپێی سروشتی پێکهاتن و بنیاتی کەسێتییان بەسەر دووجۆردا دابەش دەکرێن. جۆرێکیان پەرەسێنەو گۆڕانی بەسەردا دێت، جۆرەکەی تریان کەسێکی سادەو ساکارە.**

**-ئەنجامە تایبەتییەکان:**

**١-لەبارەی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەوە تەنیا یەك کەسێتی سەرەکی تێدایە کە ئەویش سەبری یەو خاوەن بینایەکی ئاڵۆزە، کە بەهۆی خراپی بارودۆخی کۆمەڵ و زوڵم و زۆرەوە ناتوانێت لەگەڵ تاکەکانی دەوروبەریدا خۆی بگونجێنێت، بۆیە کۆتاییەکەی لەناو چوون دەبێت.**

**٢-لەبارەی کەسە لاوەکییەکان لەڕووی پێکهاتەو بنیاتی کەسێتییانەوە هەندێکیان بەشداری دەکەن لەبەرەو پێشبردنی ڕووداوەکاندا ، بەلآم هەندێکی تریان بەسادەیی دەردەکەون و ڕۆڵ و کاریگەرییان نییە لە گەشەکردنی ڕووداوەکاندا.**

**٣-بیرۆکەی ڕۆمانەکە لە واقیعی کۆمەڵی کوردەوارییەوە سەرچاوەی گرتووەو کۆمەڵیش سەرچاوەی سەرەکی دروست بوونی زۆربەی ڕووداوەکانە.**

**٤-تۆبۆگرافیای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە شاری سلێمانییەو ڕووداوو کێشەو ململانێکانی ناو ڕۆمانەکە لە شاری سلێمانی ڕوویانداوەو نەکەسێتی سەرەکی و نە کەسێتییەکانی دیکە لە جوگرافیای ئەم شارە دوور ناکەونەوە.**

**سەرچـــاوەکان**

**کتێب:**

**_ بەزمانی کوردی:**

–ئەڕژی گۆران، ڕۆمان و پیشەی نوسینی ڕۆمان، بەغدا، ١٩٨٢.

–ئیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، و: رووف بێگەرد، چاپخانەی علا.؟

–پەرێزسایێر، بیناى هونەری چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١

–جەلال خەڵەف ژاژڵەیی، کەسێتی سەرکەوتوو، چاپی دووەم، سلێمانی، 2007

–حسین عارف، ڕۆمانی ئەندێشەی مرۆڤێك، مگبعە الاجیال، بغداد، ١٩٩٠

–حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢

–علی وردی، کەسێتی تاکی عێراقی، و: محمد وەسمان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤

–غیاپ الدین نقشبندی، نامۆیی، چاپی یەکەم، ئەدلاید، ٢٠٠٢

–کەریم شەریف قەرەچەتانی، دەروونزانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٦

–کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩

–گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر،١٩٩٩

–محمد نوری، بونیاد(زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤

–نەجم خالید نەجم الدین ئەلوەنی، بیناى کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠٠٤

–نەجم خالید ئەلوەنی، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩

–هەژاری موکریانی، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(کوردی_فارسی)، تهران، ١٣٧٦

–و.ب.گۆتەریج، دەرونزانی، و:هیوا عمر احمد، بەغدا، ١٩٨٣.

_ بەزمانی عەرەبی:
–بدريى عيمان، بناو الشخصيه الرئيسيه فى روايات نجيب محفوڤ، دار الحدايه للگباعه والنشر، گ(١)، بيروت، ١٩٨٦.
–جريمى هوپورون، مدخل لدراسه الروايه، بغداد، ١٩٩٧.
–روجر ب.هينگل، قرأه الروايه (مدخل الى تقنيات التفسير)، ت/صلاح رزق، دار غريب للگباعه والنشر والتوزيع، گ(١)، القاهره، ٢٠٠٥.
–نانسى كريس، تقنيات كتابه الروايه، ت/زينه جابر ادريس، دار العربيه للعلوم ، بيروت، ٢٠٠٩.

نامەی ماستەرو دكتۆرا:
–محمد امين عبدالله، شاكەس لە رۆمانی كوردی كوردستانی عێراقدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددين، ٢٠٠٠ .

گۆڤار:
–رەفيق سابير، نامۆبوون لە چيرۆكەكانی حوسێن عارفدا، گ: گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٢ ، سلێمانی، تەمووزی ١٩٩٧.
–سەروەر عەبدوللا، سەرەتايەك لەبارەی گوتاری كەسايەتی ڕۆمان، گ:ڕامان، ژ٧٥، هەولێر، ٢٠٠٢.
–سيامەند هادی، كەسێتی شاڵ سەوز لەڕۆمانی مۆسيقای مەرگی ناوەختەدا، گ: ڕامان، ژ:٤١، هەولێر، ١٩٩٩
–عمر ياسين جەباری، كەسايەتی واتا تيۆری و پێوەرەكانی، گ:سەنتەری برايەتی، ژ:٣، هەولێر، ١٩٩٧
–گۆران سەباح غەفور، توخمەكانی ڕۆمان(وەرگێردراو)، گ:كاروان، ژ:١٩٤، هەولێر، ٢٠٠٥.

## ملخص البحث

يقوم هذا البحث بدراسة عنصر الشخصية فى الرواية (تأمل انسان–**ئەندێشەی مرۆڤێك**) للروائى حسين عارف، ويمكن أهمية البحث فى دراسة عنصر أساسى من عناصر الرواية الاربعة (الشخصية، والحدث، والزمان، والمكان). فليس خافيا أن لعنصر الشخصية دورا رئيسيا فى البناء الفنى لأى نص روائى، وهو محل عناية النقاد الروائيين و تعليقاتهم، وتحليلاتهم. كما أن الشخصية هو سبب وجود العناصر الثلاثة الأخرى، فلن يكون ثمة حدث ان لم يوجد عنصر الشخصية (محدث الحدث)، واذا لم يكن هناك حدث يبقى العنصران الاخران (الزمان، والمكان) فارغين، لامعنى لوجودهما.

لقد أولى الروائيون عناية كبيرة بعنصر الشخصية، وأظهروها بصورة مقصودة، و وظفوها توظيفا يخدم أهدافهم و توجهاتهم فى بناء الرواية و أحداثها، وكذلك فعل الروائى حسين عارف فى (تأمل انسان) ، ولكى نقدم أفضل عرض و تحليل لعنصر الشخصية فى روايته بنينا بحثنا على فصلين تسبقهما مقدمة ، وتتلوهما خاتمة فيها أهم نتائج البحث.

قام الفصل الأول على ثلاثة محاور، كان المحور الأول: عن معنى الشخصية فى اللغة وفى الاصطلاح الأدبى. أما المحور الثانى، فكان عن المفهوم الشخصية لدى المفكرين من علماء النفس وعلم الاجتماع. أما المحور الثالث، فكان عن الشخصيات فى الرواية (تأمل انسان).

أما الفصل الثانى فقام على الثلاثة محاور أيضا، كان المحور الأول تصنيفا للشخصيات حسب أدوارهم فى الرواية وتأثيراتهم فى مجرى الأحداث وفى بعضهم البعض، وطبيعة تكويناتهم، وبنائهم النفسى، وفى المحور الثانى قدمنا نبذة موجزة لرواية (تأمل انسان) لحسين عارف. وكان المحور الثالث مقتصرا على تحليل الشخصية الروائية فى (تأمل انسان).

## Abstract

Novel is made up of some elements including characters, time, place, and incident. What we want to mention here is the character that plays an important role in the artistic structure of any novel.

So the novel losses its strategy without this component.

There fore, character is a major subject in novel and it has captured the critics attention. it seems that the structure of any novel depends on its characters i.e . the lack of character in any novel makes the other element not to play a good role in the artistic structure of the novel. There fore, the novelists have paid lots of attention to show the characters in the novel. They express all their intentions and aims through the exposition of various characters so that the readers will be acquainting with the nature of characters, due to covering a wide area in the novels by characters, we intend to shed light on character in Hussein arifs novel (andeshay mirovek), we have divided this paper into tow chapters.

The first chapter falls into three sections: the first section deals with the term character linguistically and lexically. The second section introduces the definition and concept of character according to some sociologists and psychologists, and in section three, importance of character in the novel has been mentioned.

The second chapter also falls into three sections: the first section is about various types of characters according to function, nature importance and the structure and the structure of characters. The second section introduce the summary of Hussein arifs novel (andeshay mirovek), third section sheds light on the analysis of characters in the novel crilically.